# ئوم محەمەد

فاروق هۆمەر

زۆر کەس بەناو شامدا تێپەڕیوون و منیش، وەک ئەوان ڕۆژێک بەناو ئەو وڵاتەدا تێپەڕیم. بەناو شارەکانیدا هاتوچووم و بۆ دوایینجار لەناو جەرگەی شام، لە شاری دیمەشق گیرسامەوە. شام کۆنترین خاکی دنیایە و هەزاران ساڵە لەوێیە. من پێموایە خوداوەند بەرلەوەی بیر لە درووستکردنی دنیا بکاتەوە، ئەندێشەی شام لە مێشکیا بووە و بیری لەوە کردۆتەوە، ئەو بیرۆکەیەی، کە زۆر دەمێک بوو ماندووی کردبوو، لە جێگەیێک تاقیبکاتەوە. ڕەنگە بڕوا بەوە نەکەی خوداوەند چەند سەرقاڵ بووە بە هەڵبژاردن و دۆزینەوەی ئەو شوێنەوە، تا لەوێ ڕەنگ و شێوەی ئەندێشەکەی دابڕێژێت. ئەو ڕۆژگارەی زەمین تەنیا چۆڵەوانی بوو و خوداوەند لە ئاسمانەوە دەڕوانێت و نیگای لەسەر ئەو خاکە دەگیرسێتەوە و زۆر بە قووڵی لێی دەڕوانێت. بە خۆی دەڵێت: ئێرە ئەو شوێنەیە، کە من لێی دەگەڕام. ئیدی خوداوەند

بەهەشتی لەوێ خوولْقاند و فریشتەکانیشی ڕاسپارد بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە چاودێری ئەو شوێنە بکەن و نەهێڵن ئەو خاکە بۆگەن ببێت. لەو ڕۆژەوە فریشتەکان بۆ ساتێکیش چییە، چاویان لەسەر خاکی شام خافڵ نەکردووە. لەوە ناچێت تا ئێستا هیچ کەسێک بوێری ئەوەی کردبێت بێڕێزی بەو خاکە بکات، کە خوداوەند بۆ خۆی ناوی لێناوە خاکی شام. خوداوەند، شامی لە شێوەی ژندا خوولْقاند و پەیکەری شامی، وەک پەیکەری مێیینەی پیرۆز داڕشت. نازانم هەر من بەوە دەزانم یاوەخوود، کەسانێکی دیش بەو نهێنییە دەزانن. من بۆ خۆم لە نیوەشەوێکی خەمگین و پڕ لە تەنیایی خۆمدا، کاتێک هەموو خەڵکانی شام نووستبوون و کەس بە ئاگا نەبوو، لەسەر شەقامێکی درەنگی شەو، لەژێر نەرمە باران لەسەر پشت ڕاکشابووم و لە جیهانم دەڕوانی. تاوێک چاوەکانم دەنووقاند و تاوێکیش دەمکردنەوە و لەو دنیا تاریک و نووتەکە، ورد دەبوومەوە، کە لەبەردەمما تا دەهات درێژ و درێژتر دەبۆوە. هەر لە خۆڕا نەبوو، بەڵکوو لە ڕوانینێکی قووڵمەوە بۆ ئاسمان، لەناو ئەو پەردە ڕەشە پڕ ئەفسووناوییەی باوەشی بە شارەکەدا کردبوو، لە پڕێک، کە بۆ خۆشم نازانم چۆن بوو، پەیم بەو نهێنییەی خوداوەند برد و وەک ڕوناکییەک هێواش هێواش ڕژایە ناو هەناومەوە.

خوداوەند لەناو هەموو دنیادا، شامی لە هەر کوێیەکی دی، خۆشتر دەویست. دواجار خوداوەند بەدوای شامدا هەر شارێکی دی درووستکرد لەسەر شێوەی ئەوێ دایڕشتەوە. لەبەرئەوە، پێت سەیر نەبێت پەنجەرەی کۆڵانێکی چەماوەی تاران، لە پەنجەرەیەکی سەر گۆشەی کۆڵانێکی شام بچێ. لە ئەستەنبوڵ، باخێک، لە قاهیرە کانییەک و لە کابول باڵەخانەیەک کتومت هاوشێوە بن لەگەڵ باخێک، کانییەک و باڵەخانەیەکی شام. ئەو ژنە سۆماڵییەی، کە ڕێکەوت وابوو هەردووکمان پێکەوە لەسەر خاکی ئەمریکا دابەزین، لە شاری نیویۆرک بۆ جگەرەکێشانێک چووینە دەرەوەی فڕۆکەخانەکە. هەردووکمان بۆ یەکەمجارمان بوو، ئەو شارە ببینین. ئەو تەماشاییێکی شارەکەی کرد و پڕ بە خۆی قیژاندی. من ترسام و وامزانی زەردەواڵەیەک پێوەی

داوە. لە شوێنی خۆم داچڵەکیم و خۆم بۆ ڕووداوێکی نەخوازراو ئامادەکردبوو. ئەو دەستێکی بۆ پردێکی هەڵواسراو هەڵبڕی و گوتی: دەزانی ئێرەش هەر لە شام دەچێت. تا ئەو دەمە وامدەزانی هەر من ئەو ڕوانینەم دەربارەی شام هەیە. ئیدی لەو ڕۆژەوە گومانم نەما هەموو شوێنەکان لە شام دەچن و پێم سەیر نییە هەمیشە بەشێکی خاکی شام لە شوێنێکی دی، دووبارە بێتەوە.

لەوە ناکات ڕۆژێک لە ڕۆژان، کەسێک لەو خاکی شامەدا خەمگین بووبێ، لەوە ناکات ئاسوودەش بووبێ. لە نێو خەمگینی و ئاسوودەییدا، دۆخێکی درێژکراوە هەیە تایبەتە بەوێ. ئەو دۆخە هەناسەکانی خوداوەندن لەوێ بەجێماون. لەوێ نە ڕووناکی وەک خۆی هەیە و نە تاریکیش. ئەگەر وەک من لە نیوەشەوێکی ئەو شارەدا سەرێک هەڵبڕی و بەرز بڕوانیت، لە ژوور سەری خۆتەوە نیگاری دوو چاوی ئەو فریشتانە دەبینی، کە لەسەر فەرمایشی خوداوەند بۆ هەمیشە لەوێن و بە ئاسمانی ئەو شارەوە هەڵواسراون و لەو خاکە دەڕوانن.

من نازانم لە دوای کێوە چوومەتە ناو شامەوە، بەڵام دەزانم ڕۆژانێک سەلاحەدینی ئەیوبی، مەولانا خالید و سەیدە زەینەبیش، وەک من بەناو ئەوخاکەدا تێپەڕیوون و لەوێ ژیاون و هەر لەوێش نێژراون. جوانی و ئەفسوونی ئەو خاکە وا لە ئینسان دەکات، هەر ئەوەندەی تێکەڵاوی بیت، ئیدی تا مردن بەجێی نەهێڵێت. هەر کەسێک دەگری دەربارەی ئەو خاکە شتێکی گوتووە. جگەرخوێن دەڵێ: شام شەکرە. یەکێکی دی، دەڵێ: شام یاسەمینە. لەناو هەموو دنیادا، شام خاکێکی پیرۆزە، تەنیا لای سعودییەکان نەبێت. ئەوان شام بە قەحبەخانەیەک دەبینن. هەر ئەوانیش بوون ئەو خاکە پیرۆزەی خوداوەندیان کرد بە قەحبەخانە. کەسێک نییە لە دنیادا ئەوە نەزانێ. ئەگەر تەنیا بۆ ڕۆژێکیش پێ بنێیتە سەر ئەو خاکە، ئەو جروجانەوەرە سعودییانە دەبینی بە قنگی گواوی و ناوگەڵی میزاوییانەوە، لە شەقامەکانی شام و هەر بە بەرچاوی خەڵکەوە لەبەرانبەر چنگە پارەیەک ژنانی ئەو وڵاتە لەژێر خۆیاندا دەگەوزێنن. سعودییەکان ئەوانەن، کە

هەمیشە کێریان هەستاوە . ئەوان ئینسان، ئاژەڵ و مێرووش دەجێن. مـن دەزانم خوداوەند لە ڕەفتاری بۆگەنی سـعودییەکان تووڕە بوو. ئەوان هەژاریی و دڵسـافی خەڵکانی ئەو شوێنەیان قۆستەوە و دڵی خوداوەندیشیان ڕەنجاند.

پێت سـەیر نەبێت، ڕۆژێکیش من لەوێ زۆر خراپ تووڕە بووم، زۆر خـراپ تـا هێزم تیا بوو، بەسـەر هەموو خەڵکانی شـامدا قیژاندم، هـاوارم کـرد و پێمگوتـن: من ئیدی لەم وڵاتە ناژیـم، ئێرە خەریکە دەبێتە سـەرەنوێڵک. دڵی من یاوەخوود دڵی ئەو سـعودییە هەرچی و پەرچییانە.
ئەگـەر ئـەو جارە تووڕە نەبـام، بڕیارم دەدا بۆ هەتـا هەتایە لەوێ بژیم و بیر لە جێهێشتنی نەکەمەوە. ئەگەر تووڕە نەبام و لەو وڵاتە ڕام نەکردایە، ئەوا ئیسـتا دوور نەبوو لەوێ دەژیام و پەلی کچەکەم یاوەخوود ژنەکەم بە دەست پیاوێکی سعودییەوە دەبینی.
بەرلـەوەی ئـەوەت بۆت بـاس بکەم بۆ لە خاکی شـام تووڕە بووم، لـە یەکێک لـە گەڕەکە نازدارەکانی ژوورێکم بـە کرێ گرت، ژوورێک دەکەوتە ئەودیووی نۆڕینگەی پزیشـکێکی ددانەوە. بەو پێیەی شام وڵاتێکـی کۆنـە، ئەوانەی لە پێش منەوە هاتوون لـە ژمارە نایەن و هـەر یەکێک لەوانە چیرۆکی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەوانەشـی لە دوای منـەوە بـۆی دەچن، دواجار بە چیرۆکـی تایبەت بە خۆیانەوە دێنـەدەرێ. مـن لە هەر هەموویان دەگەڕێم و سـەری خۆم بەوانەوە قاڵ ناکەم. من تەنیا لە سەرگوزشتەی خۆم دەدوێم. تا ئەو دەمەی دکتۆرەکە نۆڕینگەکەی دەکردەوە، من بۆم هەبوو بە ئازادی خۆمەوە بڕۆمـە دەرێ و بێمـەوە ژوورێ، لەوە دوا بۆم نەبوو هاتوچۆ بکەم و دەبـوو لەودیوەوە قەتیس بمێنم و چـاوەڕێ بکەم تا دکتۆر دەرگای نۆڕینگەکـەی دادەخـات. دکتـۆر پیاوێکی کریسـتیان بـوو، لەناو گەڕەکێکی موسلماننشیندا نۆڕینگەی کردبۆوە.
ڕۆژێک دکتۆر ئەو پیاوە کریسـتانە، لەو کاتەی سەرقاڵی هەڵکردنی ئامێرەکانی بوو، هاتە نێو داڵانەکەوە و لەدەم ژوورەکەی مندا وێستا.

وێستا و بە چاوێکی پڕ لە گریانەوە لێیڕوانیم و گوتی: ئێرە ئەو خاکە نییە، کە لە دێر زەمانەوە هەبوو. ئەو خاکەی هەموو پێکەوە بە شادی تیایدا دەژیاین. ڕۆژگارێک لێرە جوولەکە، موسڵمان و کریستیان هەموو پێکەوە دەژیان و پێکەوە تەماشای شینایی ئاسمان و جوانی دنیامان دەکرد. لە نزیکی یەکەوە هەناسەمان دەدا و بە گەرمییەوە سڵاوی یەکدیمان دەسەنەوە. ئێستا هەموو شتێک گۆڕاوە. ئێستا هیچ شتێک، وەک جارانی خۆی نەماوە.
من، کە تا ئەو دەمە لەسەر جێوبانەکەم ڕاکشابووم و خەریکی خوێندنەوە بووم، کتێبەکەم خستە لاوە و چووم لە نزیک ئەو پیاوەوە ڕاوەستام. لەو فرمێسکانە ورد دەبوومەوە، کە خەریکبوون لە چاوەکانی دەهاتنە دەرێ و نە دەهاتن و لەناو برژانگەکانیا جێدەمان. هەستم بە لێدانی خێرایی دڵی دەکرد.
هیچ شتێک وەک خۆی نەماوە.
زۆر بە هێواشی هەستم بە توندی ئەو هێزە دەکرد، کە لە دەوروبەری چەناگەی، مۆڵگەی خستبوو و تاو تاو ڕوومەتە سوور هەڵگەڕاوەکانی، کەمێک گەورە دەبوون، دەکشان و دواتر ڕەش دادەگەڕان و بچووک و بچووکتر دەبوونەوە. هێزێک شێوەی تەمومژ گورژمی دەهێنا و هێندەی نەمابوو، لێوەکانی پڕ بکات لە گریان.
من دەمویست بزانم ئەو شتانە چین، کە وەک خۆی نەماون.
دەرودراوسێکانم هەموو خەڵکیان لێپڕکردووم و هانیان دەدەن بۆ چاکردنی دەموودانیان، ڕوو نەکەنە لای من. ئەوان پێیان وایە من پیاوێکی کافرم و خوداوەند دەرگای بەڕووی منا داخستووە. پێیان دەڵێن: شیاو نییە ئەو دەمولێوەی ناوی ئەنبیا و خوداوەندی پێدەهێنن، بیخەیتە بەردەم پیاوێکی کریستیانەوە، کە کەس نازانێ لە کوێوە بۆ ئەم وڵاتە هاتووە. من لەبەرانبەر ڕووخساری خەمگینی ئەو و دوو چاوی پڕ لە گریانی نەمدەزانی چی بکەم. دەست بنێمە سەر شانی و دڵنەوایی بدەمەوە، باوەشی پیا بکەم و بکێشم بەسەر شانەکانیا و هەوڵبدەم دڵی ژیر بکەمەوە، یاوەخوود هەر هیچ نەکەم و بۆ خۆم بێدەنگ لێیبڕوانم. چی بکەم . بۆ خۆشم نازانم.

ئەوەم لەبەرچاوە، ڕۆژێک دێت کەس بۆ پاکردنەوەی ددانێکی نایەت بۆ ئێرە. خۆم لەبەرچاوە، تاک و تەنیا بەدیار فرە فرێی ئامێرەکانمەوە دادەنیشم و ئەو مێش و مەگەزە گێژ و وێژانە دەبژێرم، کە لەتاو گەرمای دەرەوە هانایان بۆ فێنکایی ئێرە هێناوە.
دکتۆر پشتی تێکردم و بەرەو نۆرینگەکەی گەڕایەوە و من لەوێدا، لە شوێنی خۆم وێستابووم. نەمدەزانی هەر لەوێدا بمێنمەوە یاوەخوود بگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەم. هەندێکجار شوێنێک لە نێوان چوون و نەچووندا هەیە و تا ڕۆژگار ڕۆژگارە درێژ دەبێتەوە. من دڵم بە چوونەوە بوو بۆ لای ئەو کتێبەی، کە هێشتا بە کراوەیی لەسەر پێخەفەکەم جێمابوو، یادەوەرییەکانی پیاوێکی جوولەکە بەر لەوەی شام بەجێبهێڵێ و بۆ ئۆرشەلیم بگەڕێتەوە. نەچوونیش زیاتر بەناو هەناوی ئەو کابرایەدا شۆڕی دەکردمەوە، کە دەروونی بە جۆرێک گرێی سەندبوو بە هیچ جۆرێک هێوربوونەوەی بە خۆیەوە نەدەدی.
من ئەمڕۆ بەرلەوەی دکتۆر نۆرینگەکەی بکاتەوە، دەربارەی ژیانی ئەبراهام دەمخوێندەوە. ئەبراهام ئەو پیاوە بوو، لە دایک و باوکێکی جوولەکە لە شام لەدایک بوو بوو. ساڵانی کۆتایی شەستەکان و لەو ڕۆژگارەدا جەنگی ئیسرائیل و عەرەب، خەریکبوو بەرەو کۆتایی دەچوو و بەرزاییەکانی جۆلان، لە دەستی سورییەکان سەندرابۆوە. سورییەکان بڕیاریاندابوو هەرچی جوولەکە هەیە ڕەوانەی ئیسرائیلی بکەنەوە.
ئەبراهام گەنجێکی خوێنەوار بوو، عەشقی شام و خەڵکانی شام لە خوێنیا دەژیا. ئەو ژنێکی فەلەستینی خێزانی بوو. تازە کیژۆڵەیەکیان بوو بوو، ناویان لێنابوو ئەمەل. ئەبراهام هێشتا تێر تێر ئەمەلی باوەش نەکردبوو و بە دڵی خۆی ماچی کۆڵم و ڕوومەتەکانی نەکردبوو. بڕیارەکە بەو جۆرە بوو هەر بە تەنیا بۆ خۆی ڕەوانەی ئیسرائیلی بکەنەوە. ئەو گۆڕی باوک و دایکی، لە نزیکی گۆڕی بیلالی بانگخوێنی پێغەمبەری ئیسلامەوە، لە گۆڕستانی دەرگەی بچکۆلە نێژرابوون. ئەو ڕۆژەی ماڵاوایی لە شام دەکرد و بۆ دواجار ئەو خاکەی بەجێدەهێشت، ڕێگەیان پێنەدابوو ژنەکەی و تاقانە

کیژۆڵەکەی خۆی لە باوەش بگرێ. هەر دەڕوات و تا ئەو دەمەش بە بەرزاییەکانی جۆلاندا سەردەکەوێ و ئیدی هێندەی تۆزقاڵێک شامیشی لێوە دیار نابێ. چاوێک بۆ ڕووباری یەرمووک هەڵدەبڕێ و هۆن هۆن دەگری. لەو نزیکانەوە بۆ یەکەمجار لە ژیانیا، ئاڵای ئیسرائیل دەبینێ. ئەو هێشتا خەیاڵی لای ئەمەلی کچێتی، کە هێشتا چل ڕۆژ نابێ چاوی بەم دنیایە هەڵهێناوە. هەر چاوەڕوانی دەنگێک بوو لە پشتەوە بانگی بکات و پێی بڵێ: ئەبراهام دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ لای خێزانەکەت، وەرە مەڕۆ ئێمە هەموو لێرە تۆمان خۆشدەوێت. بگەڕێوە ئەبراهام، تۆ دەتوانی لێرە لە نزیکی ئەمەل و دایکییەوە درێژە بە ژیانی خۆت بدەیت. هەر گوێ هەڵدەخات و دەنگێک نییە پەردەی گوێی بلەرێنێتەوە. ئەو ئەفسەرەی لەسەر سنوور چاوەڕوانی ئەو جوولەکە گەڕاوانە دەکات. یەکە یەکە دەستیان دەگوشێ و بەخێرهاتنەوەیان دەکات بۆ خاکی باپیران. ئەو کاتەی ئەبراهام بۆ یەکەمجار لەژێر ئاڵای ئیسرائیلدا دەوەستێت، نازانێ چی بکات. ئەو هیچ خۆشییەکی بەو ئاڵایەدا نایەت، کە لە هەموو ژیانیا بۆ ساتێکیش لە ژێریا ڕانەوەستاوە. ئەفسەرەکە فێری دەکات چۆن سەری بۆ ئاڵاکە بنوشتێنێتەوە. ئەو هێشتا خەیاڵی لای ئەمەلە. ئەو کیژۆڵەیەی، کە هێشتا بە باوکە بانگی نەکردووە. ئەبراهام، پشت دەکاتە خاکی شام و لەژێر ئاڵای شەکاوەی ژوور سەری، بەرەو ماڵی داهاتووی دەڕوات. ماڵێک خاڵی لە سۆز و پڕ لە تەنیایی. دەست لە گیرفانی دەنێ و پەنجەکانی دەکەونە سەر ئەو مشتە خۆڵەی لە گیرفانی ناوە و دایک و باوکی لەوێ لە گۆڕستانی دەرگەی بچکۆلە لەژێریا ڕاکشاون. ئەبراهام لەشوێنێکی یادەوەرییەکانیا دەڵێت: ئەمەل کیژۆڵەکەم، بەر لەوەی بڕۆم، ئەو شەوە تا بەیانی بە گوێما چرپاندیت و بانگم کردیت. بانگم کردیت و بانگم کردیت. بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێک گەورەبوویت، دەنگی من لە گوێدا بزرنگێتەوە و دڵنیا بیت ئەوانەی، کە لەوێن، لەسەر خاکی ئیسرائیل دووژمن نین. ئەگەر دەنگی منیش چی دی، لەناو گوێدا زرنگانەوەی نەما و ئیسرائیلیان بە دووژمن لەناو دڵتاندا ڕوواند، ئەوا لەناو یەکێک لەو دووژمنانە، باوکی تۆیە، کە بۆ هەمیشە

بە ئەندێشەی باوەشێکی تۆوە دەژی.
دکتۆر لە پەنجەرەکەوە بۆ سەر شەقامەکەی دەڕوانی. دیاربوو چاوەڕوانی، ئارامی لێهەڵگرتبوو. لەپڕ ئاوڕێکی دایەوە و چاوەکانی ئاگری لێدەباری. تاوێک لە منی ڕوانی و ئەوەی بەبیرکەوتەوە، کە زۆر دەمێکە منی هەر وا لەوێدا بەبێ رووخسەت جێهێشتووە.
من ویستم باسی خوات بۆ بکەم. خودا، کە چی دی لە شوێنی خۆی نەماوە. ئینسان خودای زویر کرد.
دکتۆر پەیتا پەیتا هەر دوو دەستی دەکێشا بەسەر سنگیا و دەیگوت: خودا لێرەیە لە ناو سنگی منا. خودا لە ئاسمان نییە و لێرەیە. من گوێم لە تەپەی سنگی بوو لە داڵانەکەدا، وەک تەپڵێک خرەی دەهات. ئەو هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسکی بڕیبووە من و دەیگوت: خودا لێرەیە لەناو سنگی منا کاتێک بەسەر بەژنی نەخۆشێکا دەنوشتێمەوە. خودا لێرەیە لەناو دوو دەستەکانی مندا. ئەو دوو دەستانەی، کە ئازار پەڕێنن. من لە هەردوو لەپی دەستی ورد دەبوومەوە، کە وەک دوو شانەی گوڵەبەڕۆژە، بەرزی کردبوونەوە بۆ ئاسمان و لەوێدا بە دووی خودادا دەگەڕام.
دکتۆر دەستێکی نایە سەر شانم و گوتی "ڕۆژێک دێ ئەم خاکە جوانەی، کە ناوی وڵاتی شامە، وێران دەبێ. من هەست بە سەرەتاکانی ئەو وێرانبوونە دەکەم. ئەو خەڵکەی، کە تۆ دەیبینی لێرە و لەوێ وەک قەرەج بە دنیادا پەرشوبڵاو دەبنەوە"
لە تەنیشتی منەوە ژنێک بەناوی ئوم محەمەد دەژیا، کە خاوەنی تەنیا کوڕێکی نازدار و جوانبوو، بەناوی محەمەد. محەمەد، منداڵێکی هەشت نۆ ساڵان بوو و لە ڕەنگ و ڕووی گوڵینی زۆر بە ئاستەم بۆت دەکرا لەگەڵ خوشکەکانی جوێیان بکەیتەوە. خەڵکانی شام هەر وەک زۆربەی خەڵکانی ئێرە و ئەوێی دنیا، دڵێکی ساف، ڕووحێکی سپی و پاکژیان هەیە. جارجارێک ئوم محەمەد، لە دەم دەرگە سڵاوێکی گەرمی لێدەکردم و بە غەریبی من، دڵی دەسووتا و بۆ خۆی یان محەمەدی کوڕی لە دەرگایان دەدام و خواردنی بەرماوەی شەوێی خۆیان بۆ دەهێنام. قاپێک تەماتەی سورەوەکراو، کە پڕی وردە

نانی هەڵوەر یووبوو، قاشە پەتاتە، مەعکەرۆنی و هێلکەی کوڵاو. من ئێستاش لە هەر کوێیەکی دنیا بم و بۆ تاوێک چاوی خۆم بنووقێنم، دەتوانم نیگاری پاک و بێگەردی محەمەد بە بیری خۆم بهێنمەوە. دوو چاوی هەنگوینی، کە پڕیان بوو لە خەون. قژێکی زەردی پەرشوبڵاو تا سەر دەفەی شانی شۆڕببونەوە خوارێ. دوو دەستی لاواز و دوو قاچی وردیلانە، کە زۆرێک نەبوو لەم دنیایەدا فێری هەنگاو هەڵگرتن و ڕۆیشتن بووبوون. ڕۆژێک محەمەد دیار نەما و گۆڕی ونبوو. دووان و سیان تێپەڕین و چی دی، کەسێک نەبوو لە دەرگام بدات. من چاوم لە دووی محەمەد دەگێڕا و ئەو دیاری نەبوو. محەمەد بە ئێجگاری ونبوو. ئێوارەیێک، تەپە تەپێک لە دەرگای ماڵەکەمەوە هات. دیار بوو کەسێک لە دەرگای دەدا. لەبەرخۆمەوە گوتم هەبێ و نەبێ محەمەدە و قاپێک خواردنی بەرماوەی خۆیانی بۆ هێناوم. بە هەڵەداوان ڕامکرد و دەرگام کردەوە. ئەوەی لە دەمی دەرگە وێستابوو محەمەد نەبوو، دایکی بوو. قاپێک نسکێنەی بۆ هێنابووم. ئەو دەیگوت تۆ هەمیشە باسی نسکێنە دەکەیت، نسکێنەیێک بە دەست و پلی ژنە سوری قولپی دابێت. بەر لەوەی قاپە نسکێنەی لێوەربگرم پرسیاری محەمەدم لێکرد.

"کوڕم، محەمەد ڕۆی" ئوم محەمەد گوتی.

من تەماشای چاوەکانیم کرد. دوو چاوی ڕەشی بە قووڵا چوو و نازانم بۆ هەرچی نەرم و نیانی هەبوو، لە چاوەکانیا بەدیم نەدەکرد.

"بۆ کوێ ڕۆی؟" من نەمدەزانی چی بڵێم. خەیاڵم بۆ هیچ جێگەیێک نەدەچوو. محەمەد زۆر لەوە منداڵتر بوو بە تەنیا بۆ شوێنێک بچێت. ئەو شەوان دەبوو لە باوەشی دایکیا بنوێ. هیچ گومانم لەوە نییە، شەوێک بۆی بکرێ ئاسوودە، دوور لە ماڵ و ناو خوشکەکانی ئۆقرە بگرێت.

ئوم محەمەد گوتی:

"چوو بۆ کار، بۆ خاکی پیرۆز. بۆ ڕیاز ڕۆی!" من دڵنیابووم ئوم محەمەد درۆ دەکات. ئەوان دیار بوو محەمەدیان بە سعودییەکان فرۆشتبوو.

من لە شــوێنی خۆم حەپەســام، ئەوەی وشــەبوو لە قورگم گیرابوو و بەزۆریــش نەدەهاتنەدەر. دەمویســت ئەو چرکەســاتانە بەبیرخۆم بهێنمــەوە، کــە محەمەد بەنــاو جۆگەلەی بارانــاوی بەیانیاندا بەرەو قوتابخانە دەچوو.

"بەڵــێ بــۆ ڕیاز، قوربانــی بم بۆ کارکردن چووە بۆ ئــەوێ. پارە بۆ خوشکەکانی دەنێرێتەوە"

من بە قاپێک نســکێنەوە لە دەمی دەرگا ڕاوێســتابووم. هەستم کرد دەروونم قوڵپ دەدات. ئوم محەمەد لەوێدا نەمابوو. لەو کۆڵانە چۆڵ و هۆڵەدا، خۆم تاک و تەنیا دەهاتە بەرچاو، بە قاپێک نسکێنەوە لەوێدا وێستابووم. تا هێزم تیابوو، قاپە نسکێنەم فڕێدا. قاپی شووشە لەو ئێوارە کپ و خامۆشەدا، بوو بە هەزار و یەک پارچەوە. شۆربای ڕژاوی نسکێنە لەناو کۆڵاندا سەوزی دەکردەوە. دیمەنی محەمەدم بە ڕووت و قووتی دەهاتە بەرچاو لەماڵی میرێکی سعودییدا، لەسەر فەرشێکی تورکــی ڕاوەســتاوە. محەمــەد چــی دی، بەیانیان بەنــاو جۆگەلەی بارانــاودا بــۆ قوتابخانە ناڕوات. من ئــەو ئێوارەیە بۆ یەکەمینجار لە ژیانمــا لە خاکی شــام تووڕەبووم. ئەو خاکەی خودا لە ئەندێشــەی خۆی خووڵقاندبووی. چاوێکم هەڵبڕی و لە ئاسمانم ڕوانی. بە دوای فریشــتەکاندا دەگەڕام. لەوە دەچوو چی دی، فریشــتەکانیش لەوێ نەمابن. فریشتەکانیش چی دی، ئومێدێکیان بەو دنیایە نەمابوو، کە سعودییەکان بۆگەنیان کردبوو.